ئیبراهیم حاجی عەبدی

# بۆرخیس: مرۆڤ ئەوە دەخوێنێتەوە کە ئارەزووی دەکا، ئەوەش دەنووسێ کە لە توانایدایە!

و: بەکر دەروێش



**وای دەبینم نووسینی شیعری ئازاد گەلێک لە نووسینی شیعری کلاسیکیی کێش و سەروادار گرانترە**



ژیاننامـەی هۆزانڤـان و چیـرۆکنووسی ئەرجـەنتـینی خـۆرخی لویس بۆرخـیس (١٨٩٩–١٩٦٨) کـۆمـەڵی رەهەندی ئینسـانی و رووژێنەر لە خـۆ دەگـرێ، ئەم نووسـەرە هەر لە منداڵییەوە بە دەستی چاوکزبوونەوە دەیناڵاند، هێواش هێواشیش ئەم چاوکزبوونە زیادی کرد تا وای لێ هات لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا تەنیا شـەپۆلی رەنگی زەردی دەبینی، بۆرخـیس بە هیچ شێوەیەک لەو تاریکییەی تێی کەوتبوو وەڕس نەبوو، بگرە بەشێوەیەکی رۆمانسی وەسفی دەکاو دەڵێ «ئەم نیمچە سێبەرە لەسەرخۆیە و هیچ ئازارێکی نییە، بەسـەر لاپاڵێکی نەرمدا چوون ئەزەل دەخلیسکێ» ئەم چاوکزبوون و پاشـانیش لە دەسـتدانی بینینە بە تەواوەتی، نەبووە رێگر لە بەردەم ئەو نەخشـەیەی کە هەر لەسـەرەتاوە بۆ خـۆی کێشـابووی، ئەو هەر لە منداڵییەوە خولیای کتێب بووبوو، لە چوارچێوەی وشەوە ئەم جیهانە دەگەڕا، "لە زۆر شتدا چێژم بینیوە، مەلەوانی، رامان لە شەفەق و خۆرئاوابوون، دڵداری... بەڵام سـەنتەری هەمـوو ڕووداوەکانی ژیانم بوونی وشـە بوو، لەگـەڵ ئـەگـەری هۆنینەوە و کـردنی ئـەم وشـانە بە شیعر" لە یەکێک لە کتێبەکانیدا دانی پێدا دەنێت و دەڵێت «من لە بناغەدا خـۆم بە خـوێنەر دەزانم، ئەگـەر جـوورئەتی نووسـینیشـم کـرد، وەلێ وا دەزانم ئەوەی خـوێندوومـەتەوە زۆر لەوەی نووسـیوومن گـرینگتـرن، مرۆڤ ئەوە دەخوێنێتەوە کە ئارەزووی دەکا، بەڵام ئەوە نانووسێ کە رەغبەتی لێیەتی، بەڵکو ئەوە دەنووسێ کە لە توانایدایە» بۆرخیس لە توانایدایە ناوی دەیان کەس لەوانە بێنێ کـە بەرهـەمـەکـانیـانی خـوێندووەتەوە: شێکسپێر، ستیـفنسون، کیبلینغ، تشیسـترتون،

**سـەنتـەری هـەمـوو ڕووداوەکانی ژیانم بوونی وشـە بوو، لـەگـەڵ ئـەگـەری هۆنینـەوە و کردنی ئـەم وشـانـە بـە شـیـعـر**

**شـاژنی بـەریتـانیا ئیلیزابیتی دووەم سـاڵی ١٩٦٥ مـەدالیای ئیمپراتۆرییـەتی بـەریتـانیای پێ بـەخشـی**

هوسرون، میلفل، فلۆبیر، جویس، ویتمان، ئەدگار ئالان بۆ، کافکا، کەفافی، جۆن کێتس و.. هتد دواییەکەی. لەگەڵ ئەم خێزانە ئەدەبییە گەورەیەی کە بۆرخیس بەشێک بوو لێی، ئەو هەمیشە کتێبێکی بێ دانەری یاد دکردەوە، کە هەمیشە نزیک بوو لە دڵ و دەروون و لە چێژە ئەدەبییە بەرزەکەیەوە، ئەویش کتێبی" هەزار شەو و شەوێک" بوو، کە هەر لە منداڵییەوە تا پیری هەردەم هاوڕێی بوو، دوای شەست ساڵ لە یەکەم خوێندنەوەی ئەم شاکارە ئەدەبییە بە نرخە دەڵێت" یادەوەرییەکانم دەمگەڕێننەوە بۆ ئێوارەیەکی پێش لە شەست ساڵی ئێستا، بۆ کتێبخانەکەی باوکم لە بۆینس ئایرس، باوکم دەبینم، بڵێسەی سۆپا غازەکە دەبینم دەتوانم دەست لە رەفەکان بدەم، بە باشی دەزانم هەزار شەو و شەوێک لە کوێدایە...، ئەم چیرۆکانە هەستێکی بەربلاوی زیرەک بوو لە خوێندنەوەی ئەو ژیانەدا کە رۆژانە لە نێوان خەڵکە رەشورووتەکەدا دەیگوزەران، ویلیس بارنستون نووسەری یادەوەرییەکانی بۆرخیس دەڵێت «بەو شێوەیە رستەکان و حیکمەتەکانی لە سایق تەکسی و نۆکەر و موچەخۆرە سادەکانەوە وەردەگرت، کە لە نێو ناخی سامۆئیل جۆنسۆن و ئۆسکار وائیلدا نوقم دەبوو»

## سەرەتای ناوداربوونی

سەوەتای ناوبانگی جیهانی بۆرخیس دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی چەرخی رابردوو، لە ساڵی ١٩٦١ بە هاوبەشی لەگەڵ سامۆئیل بیکیتدا خەڵاتی فۆرمنتەری وەرگرت، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سامۆئیل لەلای خوێنەری زمانی ئینگلیزی ناسراو و ناوداربوو، وەلێ بۆرخیس لەلای ئەوان نەناسراو بوو، چونکە بەرهەمەکانی وەرنەگێڕدرابوونە سەر زمانی ئینگلیزی، لێرەوە فزوڵی گەڕان بە دوای ئەم نووسەرە شاراوەیەدا دەستی پێ کرد کە هاوشانی بیکیت بوو، لەو دەمەدا حکوومەتی ئیتالیا نازناوی "پێشەوای" پێ بەخشی، هەروەها زانکۆی تیکساس لە ئۆستن بۆ ماوەی ساڵێک لەلای خۆی دای مەزراند، ئەمەش ئەو هەلەی بۆ بۆرخیس رەخسانن کەوا هەستێت وێنەوەی چەندان موحازەرە لە سەرتاپای ئەمەریکادا، پاشان یەکەم وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بۆ زمانی ئینگلیزی ساڵی ١٩٦١ دەرکەوت، دوای ئەمەش چەندان گەشتی بۆ ئەوروپا و هەردوو ئەمەریکای خواروو و ژووروو کرد، پاشانیش شاژنی بەریتانیا ئیلیزابیتی دووەم ساڵی ١٩٦٥ مەدالیای ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیای پێ بەخشی، پاش ئەمەش بۆرخیس دەیان خەڵات و مەدالیای جیهانی وەرگرت، وەک جۆقەی شەرەفی فەرەنسی و خەڵاتی سیرفانتس، دوای ناوداربوونی زۆربەی کتێبەکانی

وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئینگلیزی وەک کتێبی زیندەوەرە خەیاڵییەکان کە لە ساڵی «١٩٦٧»ی زاینیدا چاپ کرا و، کتێبی قوم لە ساڵی ١٩٧٥، دواییش بەشێکی زۆری لە موحازەرەکانی لە بەرگێکی گەورەدا بە ناوی "حەوت شەو و نۆ هەڵبژاردەی خودی" بە چاپ گەیاند، سەرەڕای کورتەچیرۆکەکانی کە ناوبانگێکی گەورەیان لە دنیادا بۆ هێنا، بۆرخیس زۆر شعر و وتاری نووسی لەگەڵ چەندین شانۆنامە و بڕێکی زۆر لە وتاری رەخنەیی، هەروەها وەرگێڕێکی چالاک بوو لە بواری وەرگێڕانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانیدا بۆ زمانی ئیسپانی، بۆرخیس بایەخێکی زۆری بە زانستی ئەفسانەسازی و ماتماتیک و زانستی لاهوتی و فەلسەفە دەدا، ئەستێرەی بەختی لە قۆناغی تازەگەری و نوێبوونەوەی رۆشنگەری و ئەدەبدا هەڵهاتبوو، بەتایبەتی مەیلکردنی بە لای هێماگەریدا لە نیوەی دووەمی چەرخی بیستەمدا بۆرخیس لە بواری چیرۆکی خەیاڵیدا داهێنانی گەورەی ئەنجام دا، بەتایبەتی کە ئەو زۆر بە رێکی و چڕی و کورتی دەینووسی، سەرەڕای ئاڵۆزی بابەتگەلیی چوون قسەکردن لەسەر سروشت و کات و بێکۆتاییەکان و وێڵگە و شوناس، هەندێ لە چیرۆکەکانی باسی بڕێک بابەتی وەهمییان دەکرد، وەک نموونەی ئەو کتێبخانەیەی کە هەرچی کتێبی دنیا هەیە تێیدایە، یان ئەو پیاوەی هیچی لە بیر ناچێتەوە، یان وەک ئەو ئامێرەی کەوا هەر کەسێک بەکاری بهێنێ دەتوانێ هەموو دنیا ببینێ، بێجگە لەو چیرۆکانەی کە لە چەقی واقیعی ئەمەریکای خوارووەوە دەیهێنان و پاڵەوانەکانیان لە خەڵکی سادە و گاوانەکان و جەنگاوەران بوو، ئەو خەیاڵ و واقیعی تێکەڵی یەکتر دەکرد، هەروەها زۆر جار هەقیقەت و وەهمیشی تێکەڵ دەکرد، وێڕای تێکەڵکردنی ئێستا لەگەڵ رابردوودا لە ئامێزی دانانێکی قشەنگدا، بۆرخیس سەرەڕای پەخشانەکانی، لە بەرامبەر شیعردا کە بە درێژاییی ئەزموونی ئەدەبی لەگەڵیدا بوو هیچ درێغییەکی نەکرد، ئەو لەگەڵ لە دەستدانی چاوەکانیشیدا کە بە بەردەوام لەگەڵ بەساڵاچوونی تەمەنیدا و پێشکەوتنی زانستی پزیشکی چاودا هەڵچوون و داچوونی دەکرد، تەرکیزێکی زیاتری دەکردە سەر شیعر، چونکە ئیتر لە توانایدا نەبوو کارە ئەدەبییە درێژەکانی لە کاتی نووسیندا یاد بکاتەوە، شیعرەکانیشی هەمان ئەو بایەخە زۆرەی بەو وانانە دەدا کە لەپەخشانەکانیدا بایەخی پێ دەدەن، رەنگە کتێبی "پیشەی شیعر" بە باشی بۆچوون و تێگەیشتن و دیدی جوانبینی و رەخنەی ئەو بۆ شیعر بخاتە روو، ئەم کتێبە شەش موحازەرە لەخۆ دەگرێ کە بۆرخیس لە کۆتاییی شەستەکانی سەدەی رابردوودا گوتویەتییەوە وەک وانەبێژەێک لە زانکۆی هارفرد، ئەم موحازەرانەش لە بیر چووبوونەوە تا دوای سی ساڵ لە تۆزگرتنیان لە نێو ژێرزەمینێکی خامۆشی یەکێک لە کتێبخانەکانی زانکۆی ناوبراودا

دۆزرایەوە، وەلێ ئەم دواکەوتنە لە دۆزینەوە و بڵاوکردنەوەی لە گرینگیانی کەم نەکردەوە، چونکە لەم موحازەرانەدا بۆرخیس باس لە دیدی خۆی بۆ هونەری شیعر و سروشت و شێواز و غەموتەمی و مۆسیقاکەی دەکات، هەروەها دەربارەی کۆن و نوێی شیعر لەسەرجەم زمانەکانی دنیادا دەدوێ، هەروەها بەراوردێک لە نێوان خەیاڵکردن و هۆشبەندی لە شیعردا دەکات، بێجگە لەمانە کتێبەکە هەندێ لە رامانە تایبەتییەکانی بۆرخیس لەخۆ دەگرێ، ئەم موحازەرانە بە پلەی یەکەم بەرهەمی ئەو یادە "زاکیرە" ناوازەی بۆرخیسە کەوا چەندان کۆپلە لە شیعری شاعیرانی دنیای دەخستە نێو کتێبەکەیەوە بەبێ ئەوەی پەنا بباتەبەر یەک پەڕە کاغەز و هیچ سەرچاوەیەک، لێرەدا زاکیرە رۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ لە کۆکردنەوەی بیروڕاکان و تەرتیبکردنی بۆچوونەکان، بۆرخیس کەوا لە نیعمەتی بینین بێبەری بوو، بەڵام بەسیرەیەکی تیژی هەبوو، کاتێکیش دەربارەی نهێنی ئەم زاکیرە هەڵقوڵاوە لێیان دەپرسی، لە وەڵامدا دەیگوت هەندێ دێرە شیعر هەن بیرچوونەوەیان گرانترە لە بەیاد هێنانەوەیان، بۆرخیس بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی وەرگرتن "تلقی" دەدا و هەمیشە ئەو قەولەی لیبرکلی بە گەواهی دەهێنایەوە کە دەڵێ «تامی سێو لە خودی سێوەکەدا نییە، سێو خۆی لە خۆیدا هیچ تامێکی نییە، تامەکە لە دەمی ئەو کەسەشدا نییە کە دەیخوات، وەلێ لە بەیەکتر گەیشتنی ئەم دووانەدایە» ئەمەش وەک بۆرخیس بۆی چووە سەبارەت بە کتێبیش هەروایە، کتێب شتێکی مادییە لە دنیای شتە مادییەکاندا، کتێب پێک هاتووە لە کۆمەڵێ هێمای مردوو، کاتێک زیندوو دەبنەوە کە خوێنەرێکی گونجاو هەڵدەستێ بە خوێندنەوەیان، ئەو کاتە ئیتر بوژاندنەوەی دنیا دەبینین، هەروەها لەسەری دەڕوات و دەڵێت: کاتێک سەیری ئەو

**هەندێک شیعر هەن بێ پەروا جوانن، بێ ئەوەی هیچ مانایەکیان هەبێت، بەڵام تەنانەت لەم حاڵەشدا مانای هەیە**

**دژی ئەو گوتەزایەیە لە جیهاندا کە دەڵێت هەموو وەرگێڕانێک خیانەتێکە لە بەرامبەر رەسەنایەتی دەقێکی ناوازەی بێ وێنەدا**

هەموو کتێبە زۆرە دەکەم کە لە ماڵەکەمدایە، هەستە دەکەم پێش ئەوەی هەموویان بخوێنمەوە دەمرم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆمم پێ ناگیرێ و هەر کتێبی نوێ دەکڕم، هەر کاتێکیش دەچمە کتێبخانەیەک و کتێبێک دەبینم کە لەسەر بوارێک لەو بوارانەیە کە لەلام مەبەستە، بە خۆم دەڵێم بەداخەوە کە ناتوانم بیکڕم، چونکە دانەیەکی ترم لە ماڵ هەیە، بۆرخیس داوا لە هۆزانڤانان دەکات کەوا "ئاماژە" بەکار بهێنن، چونکە ئاماژە لە شیعردا زۆرتر گونجاوە لە ئیسهاب، هەروەها داکۆکی لە تەمومژ و خوازە و مەجاز لە شیعردا دەکات و دەڵێت «هەندێک شیعر هەن بێ پەروا جوانن، بێ ئەوەی هیچ مانایەکیان هەبێت، بەڵام تەنانەت لەم حاڵەشدا مانای هەیە، بەڵام نەک مانا بە پێی ئەقڵ، بەڵکو مانا بە گوێرەی مەخیلە، بۆ ئەم مەبەستەش نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت "دوو گوڵی سوور لەسەر مانگ" لێرەدا مانا ئەو وێنەیەیە کە بە وشە پێشکێش دەکرێت، بەڵام وێنەیەکی روون نییە، لێرەدا ئەوەی کە دیار و روونە چێژی وشەکان و چێژی رێتمی مۆسقاکەیەتی. بۆرخیس زۆر دڵگرانە لەوەی کە ئەم چەرخە داستانی فەرامۆش کردووە، ئەو هۆشداری بە مەرگی رۆمان دەدات و دژایەتیکردنی خۆی بەرامبەری بەدەر دەخات، لە بەرامبەر ئەمەشدا راستەوخۆ داکۆکی لە کورتەچیرۆک دەکات، ئاماژەش بەوە دەکات کەوا تەمبەڵی رێگری یەکەمی بووە لە بەردەم نووسینی رۆماندا، بۆرخیس لەچوارچێوەی ئەم موحازەرانەدا چەندان تێبینی بەجەرگانە لەبارەی وەرگێڕان پێشکێش دەکات، ئەو دژی ئەو گوتەزایەیە لە جیهاندا کە دەڵێت هەموو وەرگێڕانێک خیانەتێکە لە بەرامبەر رەسەنایەتی دەقێکی ناوازەی بێ وێنەدا، سەرسوڕمانی خۆشی بەرامبەر بەوەها وتەیەک دەردەبڕێ کە هیچ سەرچاوەیەکی مەوزووعیی نییە، نموونەی چەند دەقێکیش دەهێنێتەوە کە وەرگێڕانەکەی لە دەقە ئەسڵییەکەی جوانتر و سەرکەوتووتر بووە، بۆ ئەو وەڵامدانەوەی ئەم بڵاوەش چەند بەهانەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێت: با ئێمە وای دانێین لە بەرامبەر دوو دەقداین و نازانین کامیان ئەسڵییەکەیە و کامیان وەرگێڕانەکەیە، ئەوە ئێمەین دەتوانین بەشێوەیەکی رووتەنی "موجەڕەد" بڕیار لەسەریان بدەین، بەڵام دەڵێی چی کەس بەم ئاراستەیەدا کار ناکات، بۆیە ئێمە هەمیشە بە چاوێکی نزمترەوە سەیری کاری وەرگێڕ دەکەین و بە نزمتری دەزانین لە دەقە ئەسڵییەکە، کەچی لەوانەیە وەرگێڕانەکە بە قەد دەقە ئەسڵییەکە جوان و پوخت بێت، ئەوەش بە یاد دەهێنێتەوە کە کاتی خۆی وەرگێڕانی "گوڵی بەد"ی بۆدلێری بە زمانی ئەڵمانی خوێندووەتەوە کە ستیفان جۆرج وەریگێڕاوە، سەرەڕای ئەوەی کەوا ئەو دان بە بلیمەتیی بۆدلێردا دەنێت، بەڵام پێی وایە وەرگێڕ پتر کارامە و پیشەیی بووە لە کارەکەیدا، دوور لە چاوتیژی و زیرەکی رەخنەگران و

ئینسکلۆبیدییەکان بۆرخیس پێی وایە کەوا هەر میللەتێک گەشە بەو وشانەی خۆی دەدات کە پێویستی پێیانە، زمان لە دروستکردنی ئەکادیمیست و زمانناسەکان نییە، بگرە بە ماوەیەکی دوور و درێژەوە لەلایەن جووتیاران و راوکەران و جەنگاوەرەکانەوە گەشەی پێ دراوە، زمان هەڵهێنراوی نێو کتێبخانەکان نییە، بەڵکو لە کێڵگە و دەریا و رووبار و شەو و شەبەقەوە سەری هەڵداوە، وادیارە مەسەلەی بڕوا پێهێنان و باوەڕبوون بەوەی کەوا نووسەر دەینووسێ لەلای بۆرخیس شتێکی ناوەنجییە، ئەو لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لەم مەسەلەیە دەڕوانێ و گرینگ لای ئەو ئەوەیە نووسەر بتوانێ ئەو گوڕ و سۆزەی خۆی بگەیەنێتە وەرگر، بەتایبەتی لە شیعردا کە کار لەسەر خوازە دەکات، خوازەش پێویستی بە بڕوا پێهێنان نییە، گرینگ ئەوەیە کەوا ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کەوا خوازە بە دەنگی سۆز و هەڵچوونەکانی نووسەرەوە دێت، کاتێک هۆزانڤان و نووسەری ئەرجەنتینی لیوبۆڵدۆ لۆگۆنیس دەنووسێ «خۆرئاوابوون تاوسێکی سەوزە گڤیی خۆی لە زێڕ هەڵزەنیوە» نابێ ئێمە بایەخ بە لێکچوون بدەین، یان راستتر بوونی لێکچوون لە نێوان خۆرئاوابوون و تاوسدا، گرینگ ئەوەیە ئێمە بزانین کەوا لۆگۆنیس سەرسامە بە زەردەی خۆرئاوابوون، پێویستیشی بەم خوازەیە بووە تا هەست و سۆزی خۆیمان پێ بگەیەنێ و بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە گشتییەشەوە کە دەڵێت گوایە نووسینی شیعری کێش و سەروادار لە نووسینی شیعری سەربەست و ئازاد گرانترە، بۆرخیس وای دەبینێ نووسینی شیعری ئازاد گەلێک لە نووسینی شیعری کلاسیکیی کێش و سەروادار گرانترە، بۆ ئەمەش بەڵگە دەهێنێتەوە و دەڵێت: کاتێک کە بڕیار لەسەر قاڵب و شێوەیەکی دیاریکراوی سەروایەک و هارمۆنییەتی دەنگێک دەدرێت، ئیتر جگە لە دووبارەکردنەوە بەولاوە هیچی تر نامێنێتەوە، بەڵام بەنیسبەت پەخشانەوە ئەمە وانییە، ئەو کات پێویستمان بە پتر لە قاڵبێکی سووک و رێکوپێک دەبێت، لەوانەشە ئەم ئەزموونگەرییە جۆرێک لە نەخۆشی و بێهوودەیی بێت، بەڵام هەرگیز کارێکی ئاسان نییە، بەرامبەر بەو پرسیارەش کەلێی دەکرا نووسیاری چ دەگەیەنێ؟ وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت: بە سانایی ئەوە دەگەیەنێ کەوا دڵسۆزی مەخیلەی خۆم بم، کاتێکیش شتێک دەنووسم ئەمە مانای ئەوە نییە کەوا ئەمە شتێکی هەقیقی مەوزوعییە، بەڵام هەقیقەتە بەوەی کەوا دڵسۆزە بۆ شتێکی قووڵتر، کاتێک چیرۆکێک دەنووسم بۆیە دەینووسم چونکە بڕوا و باوەڕم پێیەتی، نەک وەک ئەو بڕوا و باوەڕەی کە هەندێکمان بەشتێکی مێژوویی پەتی هەمانە، وەلێ وردتر بیڵێین وەک ئەوەی کە بڕوای بە خەونێک یان بیرۆکەیەک هەبێت.

ژێدەر: رۆژنامەی ئەلئیتیحاد ژمارە ٢٢٥٥ لە ٢٠٠٩/١١/١.